# پشتگیری لە پەنابەرانی کەمپی ئاڵتاش و 81 کەسی سەر سنوور\ چاک

گەل ئەو گەلەیە کە لە کاتی تەنگانەدا هەمووان وەک یەک گیان و روح کاربکەن و هاوکاری یەکتری بکەن.
هەستی نەتەواەیەتی و یەکبوون ئەگەر لە کاتی نەبوون و مەترسی لەناوچووندا نەبێت، نەبوونی باشترە.

**گەلی کوردستان**
**پارت و رێکخراوە کوردستانیەکان**
**دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان**

دەیان ساڵە پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوانەی لە دەستی ڕژێمی دڕندەی ئیسلامی ئێراندا ڕایانکردوە، لە بیابانەکانی ڕۆژئاوای عێراق، لەناو تۆز و ڕەملی چۆڵستانی عەرەبستانی عێراقدا، دەناڵێنن و ژیانی خۆیان دەبەنەسەر.
ئەگەر تاوەکوو دوێنی لە باشووری کوردستان بیانوی ڕژێمی سەددام و فشاری ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان هەبێت، ئەوە ئێستا باشووری کوردستان وەک هەرێمێکی سەربەخۆ کاردەکات و توانایەکی باشی هەیە.
ئەرکی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی لەسەرمان فەرزدەکات، هەموو هاوکاریەک بۆ پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابین بکەین و ژیانێکی شایەستەیان لە باشووری کوردستان بۆ ئامادەبکرێت و لەناو گەلی کورددا بژین. مانەوەی ئەو کوردانە لەو ناوچەیەدا مایەی شەرمەزارییە بۆ گەلی ئێمە لە باشووری کوردستان.
ئەمڕۆ لەبەر ئەو بارە نالەبارەی پەنابەرانی کەمپی ئاڵتاش تیایدا دەژین وئەو هەڕەشانەی کەلە لایەن تیرۆریستەکان و نەتەوەپەرستەکانەوە لێیان دەکرێت، زیاد لە 81 کەسیان لەو کەمپەدا ڕایانکردوە و لەسەر سنووری نێوان عێراق ئوردون ماون و هەموو کاتێک ژیانیان لە مەترسیدایە.
ئێمە لە ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن جینۆسایدی گەلی کورد \ چاک، داوا لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پارتە کوردستانیەکان و دەسەڵاتی باشووری کوردستان دەکەین:
1) هاوکاری ئەو 81 کەس بکەن بۆ ئەوەی کێشەکەیان چارەسەربکرێت و بتوانن بگەنە وڵاتێکی ئەوروپی.
2) ئەو پەنایەرانەی لە کەمپی ئالتاشدان بە هاوکاری حکومەتی کوردستان و یۆ ئێن بگوازرێنەوە بۆ جێگایەکی تەنا و هێمن و بێ کێشە. هەروەها لە ڕێگای ڕێکخراوەی پەنابەرانی نێونەتەوەییەوە بەشێوەیەکی ڕەسمی ناونووس بکرێن و داواکاریەکانیان جێبەجێ بکرێن.

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد\چاک**
www.chak.info
20050204